# دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لە رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا

ئا – هێمن باقر و هەردی مەهدی



د . یاسین سەردەشتی
بەپێی ئەم دەستورە
سەرۆکی هەرێم هەموو
شتێکە و سەرۆک وەزیران
زیاتر وەکو سکرتێری
سەرۆکی هەرێم
دێتەبەرچاو

حاکم شێخ لەتیف
لە رواڵەتدا سیستمی
دەسەڵات لەم دەستورەدا
پەرلەمانییە بەڵام بە
ناوەرۆک پێچەوانەی
ئەوەیە

**● یەکەمین جارە لە مێژوودا کوردانە دەستورێك دەنوسرێتەوە بۆ هەرێمێك کە تاکە دەسەڵات تیایدا کورد خۆیەتی دوور لە فشارە دەرەکیەکان هێزە کوردییەکان ئازادانە رەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستانییان ئامادەکردووە بۆ بڕیاردان لەسەری لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و قبوڵکردنی لەلایەن خەڵکییەوە.بەڵام سەرنجڕاکێشترین مادەی ئەو رەشنوسی دەستورە، ئەو مادەیەیە کە باس لە دەسەڵاتی رەهای سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات. سەرۆکی هەرێم تاکە دەسەڵاتە کە دەتوانێت بەمەرسومێك هەموو شتەکان لەم هەرێمەدا ئاوەژوو بکاتەوە، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتەکانی بەپێی ئەم دەستورە پێشنیازکراوە لە حاڵەتی رەها نزیك بۆتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دەستوری پێشنیازکراودا و زانینی گشت ئەو رەهەندانەی کە ئاستی دەسەڵاتەکانی سەرۆك پیشاندەدن (لڤین) لەم تەوەرەیەدا هەردوو بەڕێز د.یاسین سەردەشتی یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی و حاکم شێخ لەتیف دادوەری دادگای تاوانەکان وپسپۆڕی دەستوری مامۆستای زانکۆی سلێمانی دێنێتە ئاخاوتن.**

**لڤین: گرنگی دەستور لە ولاتێکدا کە ئەگەری مەدەنیبوون و دیموکراسیەتی تیدا رەچاو بکریٚ، لە چیدا دەبینیەوە؟ صەلاحیەتەکانی سەرۆکی هەرێم لە دەستورێکدا پێویستە چۆن بن؟**

د.یاسین: دوو شت هەیە زۆر گرنگە رەچاویبکەین، یەکەمیان گرنگی دەستورە بۆ سیستماتیزەکردن و بە دەزگاییکردن ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە پێی ئەو تێڕوانینەی کە دەستور دایکی یاساکانە. چونکە لە ولاتانی ئازاد و دیموکراسیدا دەستور وەك پایەیەکی گرنگی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کۆمەڵگەیە رۆڵی هەیە لە دیاریکردنی ئایندەی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە. خاڵی دوەمیش کە دەبیٚ رەچاو بکریٚ لە دیاریکردنی صەلاحیاتی سەرۆکی هەرێمێکدا، ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێمە، سەدان ساڵە لە سایەی دەسەلاتی ئیستیبدادی و دیکتاتۆرییە ستەمکارەکاندا بەڕێوەدەبرێت. کلتورێکی داوکەوتووی خێڵەکی و ئاینی هەیە، کە بەردەوام هەوڵدەدات دەسەلاتدار بکاتە کاریزما و شتێکی پیرۆز.

بۆیە لە دانانی دەستورێکدا بۆ کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرە، دەبێت بە جۆرێك بێت، کاتێك قسە لە دیموکراسیەت و بنیادنانی دەستور دەکرێت بەشێوەیەك کە دەسەلاتەکان جیاکرابنەوە. پێویستە ئەم دەسەلاتانە بالانسێکی وایان لە نێواندا هەبێت کە هیچیان لەویتر بالاتر نەبێت. دەسەلاتێك بۆی نەبێت (طغیان) بکات، یان خۆی بسەپێنیٚ بەسەر دەسەلاتەکەی تردا، نە تەنفیزی بەسەر تەشریعی دا نە بەپێچەوانەوە. بەلام عەیبی زۆربەی دەستورەکانی ولاتانی جیهانی سیٚ و ولاتانی کلتور دواکەوتوو ئەوەیە زۆربەی جار دەسەلاتیٚ ئەوەندە صەلاحیاتی دەدرێتیٚ، کە لە واقیعدا زۆر بە ئاسانی دەسەلاتی جێبەجێکردن (طغیان) دەکات بەسەر دەسەلاتی تەشریعی و قەزاییدا.

بۆیە کاتێك قسە لە دەستوری هەرێمی کوردستان دەکەین، دەبێت گرنگی دەستورمان لەبەرچاوبێت. وە کلتوری کۆمەڵگە و ژیانی دیکتاتۆری چەندین ساڵەی سیاسی کۆمەڵگەکەشمان لەبەرچاو بێت. بۆیە دەبێت لە دەستوری کوردستاندا دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم بە شێوازێك بێت کە بالانسێك دروست بێت لە نێوان دەسەلاتی خۆیی و دەسەلاتی جێبەجێکردن و دەسەلاتی دادوەریدا. بۆ ئەوەی ترسی ئەوە دروستنەبێت لە کۆمەڵگەکەمان لە قۆناغی دیکتاتۆری نادەستورییەوە بگوازینەوە دیکتاتۆری دەستوری. ئەگەر بە دەستور صەلاحیاتی زۆر بدرێتە سەرۆکی هەرێم سەرۆك وا لێدەکات کە لە سەروو هەموو دەسەلاتێکەوە ب



## د. یاسین سەردەشتی

## ئەو دەسەڵاتە فراوانەی لە دەستوردا دراوە بە سەرۆکی هەرێم زیاتر لە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی ئێرانەوە نزیکە



یت، چونکە کۆمەڵگای کوردی دۆخێکی زۆر لەباری هەیە بۆ دروستبوونی دەسەڵاتی خۆسەپێن.

**لڤین: دەستور تا چەند رەچاوی ئەو بنەما و رێوشوێنە مەدەنیانەی کردووە کە بەڕێزتان باستکردن ؟**

د.یاسین: کاتێك سەیری دەستوری هەرێم دەکەین ئەبێت حەقیقەتێکمان لەبەرچاوبێت ئەویش ئەوەیە بەگشتی سیستمی سیاسی عێراق سیستمێکی دەستوری پەرلەمانییە، کە تێیدا سەرۆکی وڵاتمان هەیە، سەرۆکی وڵات دەوری تەشریفاتی هەیە، هەروەها سەرۆك وەزیران هەیە، کە زۆربەی توانا و دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن دەکەوێتە ئەستۆی سەرەك وەزیرانەوە.کەچی دەبینین هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لە عێراق، سەرۆکی هەرێم هەموو شتێکە و سەرۆك وەزیران زیاتر وەك و سکرتێر یان سەرۆکی نوسینگەی سکرتاریەتی سەرۆکی هەرێم دێتە بەرچاو.هەروەها یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی جێگەی تێبینیە کە لە رەشنوسی دەستوردا هەیە، سەرۆکی هەرێم کە سەرۆکی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، لەلایەن هیچ دەزگایەکەوە لێپێچینەوەی لە گەڵدا ناکرێت. چونکە ئەگەر سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی یەکەمی جێبەجێکردن بێت، کەواتە کەموکورتی جێبەجێکردن دەکەوێتە ئەستۆی ئەوەوە، لەبەرئەوە پێویستە لانی کەم پەرلەمان مافی ئەوەی هەبێت لێپێچینەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا بکات لەسەر کەموکورتییەکان. چونکە نەبوونی لێپێچینەوە لە سەرۆکی هەرێم کە هەموو صەلاحیات و توانایەکی لەبەردەمدایە بێگومان سەرۆکێکمان دەبێ کە لەسەرو لێپێچینەوە و یاساوە دەبێت، ئەمەش بە راستی لە بارودۆخی ئەمڕۆدا کورد تەنها ئەوەی پێویست نییە مەسەلەیەکی وا لە دەستوردا رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی سبەینێ هەر سەرۆکێك بێت کە ئەزانێ ناخرێتە بەر لێپرسینەوە دەتوانێ صەلاحیەتەکانی خۆی لەسەر ئەرزی واقیع و مەسەلەی جێبەجێکردن بە ئاراستەیەکی وا دا بەرێت کە دوور بێت لە ((لێپرسینەوە)) کە ئەویش رۆحی سیستمی دیموکراسیە، نەبوونی لێپرسینەوە گەورەترین فاکتەری دیکتاتۆرییەتە لە مێژوودا، هەموو دیکتاتۆرەکانی مێژوو لەیەك شت ترساون و دژی یەك شت بوون کە ئەویش لێپرسینەوەیە. بۆ خاڵێك و مادەیەك لە دەستوری هەرێمدا بۆ لێپێچینەوە و لێپرسینەوە لە سەرۆکی هەرێم نەبێت؟! بێگومان ئەوە خاڵێکی زۆر خەتەرناك و ناسروشتی دەبێت ئایندەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندان.

خاڵێکی تر کە جێگای سەرنجە ئەویش ئەوەیە لە ماددەی 99 خاڵی دووهەم هاتووە کە سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت، لە ئەرکەکانیدا هاریکاری دەکات، یانی کاتێك کە بەراوردێك دەکەیت لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەستوری هەمیشەیی عێراق، لەوێ سەرۆکی عێراق دەورێکی تەشریفاتی هەیە وەتوانای جێبەجێکردنی بڕیارەکان و بڕیاردانی نیە.کەچی سەرۆك کۆمار کە تەشریفاتیە، سێ چوار جێگر و دە پانزە راوێژکاری هەیە بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەموو شتێکە کەچی تەنها جێگرێکی هەیە، ئەویش هاریکارە و دەورێکی وای بۆ دیارینەکراوە، دیارە مەسەلەی جێگرێك شتێکی کەمە بەڕاستی کاتێك سەیری سەرۆکێك دەکەیت بەو هەمو صەلاحیاتەوە بەزەیی ئەوەت پیایدا دێتەوە کە بۆ تەنها جێگرێکی هەیە، ئەو جێگرەش کە ئەو نەخۆش بوو یان دیار نەبوو و شوێنی سەرۆکی گرتەوە و صەلاحیاتی بۆ دیارینەکرابێت.

**لڤین: تا چەند جیاکاری لە نێوان سێ دەسەڵاتەکەدا رەچاوکراوە؟ بە تایبەت لە ئیشەکانی سەرۆکی هەرێمدا تاچەند هەست بە تێکەڵکردنی دەسەڵاتەکان ناکرێت ؟**

د.یاسین: دیارە مەسەلەی دەسەڵاتەکان دەبێت ئەوەندە پەیوەندییان هەبێت کە تەواوکەری یەکتری بن، ئاساییە کە سەرۆکی هەرێم پێشنیاری یاسا بکات بۆ پەرلەمان، بەڵام ئەوەی لەم دەستورەدا ئاسایی نایەتە بەرچاو ، ئەوەیە کە ئەڵێ لە کاتێکدا پەرلەمان نەتوانێ لەوماوە دیاریکراوەدا بڕیاربدات لەو یاسا پێشنیارکراوەی سەرۆك پێشنیاریکردووە دەبێتە یاسا، یانی بێئەوەی پەرلەمان سەرنج و تێبینیەکانی خۆی و لایەنگیری بۆ ئەو بڕیارە دەربکات، دەبینین ئەو یاسایەی سەرۆك پێشنیاری کردوە دەبێتە یاسا بەبێ رازی بونی پەرلەمان. ئەمەش جۆرە تێکەڵاویەکە، ئەزانین لە سیستمی سەرۆکایەتیدا سەرۆك بۆی هەیە یاسا پێشنیار بکات وە بەزۆرینەی موتڵەق لە پەرلەماندا کە موافەقەی لەسەر دەرکرێ، ئیتر ئەبێتە یاسا و شەرعی دەبێت بەڵام مەسەلەی ئەوەی کە ئەگەر هاتوو پەرلەمان نەیتوانی بڕیاری لەسەربدات، بەڕاستی ئەمە کارێکی باش نییە، بەتایبەتی ئێمە ئەزانین پەرلەمانەکانی ئێمە لەسەر شتی سادە کاتیان پێدەچێت ، بەو حسابە بێت زۆربەی ئەو یاسایانەی

که سەرۆکی هەرێم پێشنیاری دەکات شەرعیەتی خۆی وەردەگرێت و دەبنە یاسا بەبێ ئەوەی پەرلەمان رەزامەندی لەسەر بدات. ئەمەش دەرئەکەوێ کە دەسەڵاتێکی تەشریعی زیاتر ئەدات بە سەرۆکی هەرێم، کە لە بنەڕەتدا سەرۆکی باڵای جێبەجێکردنە نەك دەرکردنی یاسا.

خاڵێکی تر کە جێگەی تێبینیە ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێم مافی لێبوردنی هەیە بۆ تاوانباران. من بۆ خۆم وەك رای خۆم دژی ئەوەم کە هیچ کەسێك یان تاکێك لە سەروەوەی دەسەڵاتی دادوەری دەست لە مەسەلەی تاوانباران و حوکمی تاوانباران وەربدات لە زیادکردن و کەمکردنیدا، بە راستی کە ئەم مافە دەستوورییەمان دایە سەرۆکی هەرێم هەرکاتێك و هەرکەسێکی بوێت هەرچیەك بێت لەناو زیندان دەری دەهێنێت و حوکمە دادوەرییەکەی کە لەلایەن قەزاوە لەسەری دراوە لەسەری دەسڕێتەوە. بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هیچ هێزێکی قەزایی، بۆ خۆی ئەمە کارێکە دەگونجێت لە ئایندەدا بە زیانی قەزا و بە قازانجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستان نەبێت و گومان بخاتە سەر سەربەخۆیی دادگا، بۆیە بە بۆچوونی من پێویستە ئەو بەندە لەناو دەستوری کوردستاندا نەبێت.

خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش سەبارەت بە مەسەلەی راگەیاندنی باری نائاساییە. کە لە خاڵی دەیەمی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمدا هەیە. کە نوسراوە باری نائاسایی رائەگەیەنرێ لە حاڵەتی جەنگ، داگیرکردن، یاخیبوون، بەڕاستی وشەی یاخیبوون یان (تمرد) وشەیەکە لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا زیاتر گوێمان لێیدەبێت، کە تیایدا کاتێك کۆمەڵێك کەس بە دژی دەسەڵاتی سەرکوتکەرانی ئەو رژێمە رادەپەڕن یاخود دەجوڵێنەوە دەبینین بە یاخیبوون دەدرێتە قەڵەم، بەڕاستی لە سیستەمی دیموکراسییدا خەڵك پێویستی بە پەنابردنە بەر چەك نیە، بەڵکو لە رێگەی دیالۆگەوە ئەو مافانەی لە ئازادییە مەدەنیەکاندا هەیە لە خۆپیشاندان و نوسین دەتوانێت گەل ویستەکانی خۆی بگەیەنێ. کاتێك شتێکی وات دروستئەبێت کە خەڵك پەنا بۆ چەك بەرێت دیارە ئەوە سیتمێکی دیموکراسی نیە، چونکە لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا نابینین خەڵك لە رێگەی خەباتی چەکدارییەوە داوای مافەکانی بکات، چونکە دەرگاکانی تر واڵایە. لەبەرئەوە وشەی یاخیبوون گونجاو نییە. بەڵام کاتێك دەسەڵاتێك دیکتاتۆری بوو و خەڵك دژی وەستێ بە رێگەی چەکداری، ئێمە دەبینین زۆربەی فەیلەسوفەکان بە تایبەت رۆسۆ ئەو مافە دەداتە گەل کە هاتوو دەسەڵاتەکەی دیکتاتۆر بوو ئەبێت بە زەبری چەك بیڕوخێنێ و لەناوبیەرێت. بۆیە مەترسی ئەوە هەیە لەم دەستورەدا کە سبەینێ خەڵکانێك هاتنە سەرجادە خۆپیشاندانیان کرد، داوای جێبەجێکردنی مافە سەرەتاییەکانیان کرد کە حکومەت جێبەجێیان ناکات، ئەگونجێ سیفەتی یاخیبویان بدرێتە پاڵ کە ئەو وشەیە زۆربەی دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکان بەکاری دێنن، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو وشەیە لابرێ چونکە لەم یاسایەدا وشەکانی پەشێوی و کارەساتی سروشتی و چەند وشەیەکی تر هاتووە، بۆیە واباشە ئەو وشەیە لابرێ.

خاڵێکی تر لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کە خاڵی (12) هەمە، بریتیە لە رێگەدان بەسەرۆك کە هێزەکانی فیدراڵ لە کاتی پێویستدا بهێنێتە ناو هەرێمەوە، بەڕاستی لێرەدا تەحدید نیە کاتی پێویست کەیە ؟ ئایا پێویست ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم تووشی هەڕەشەی دەرەکی بێت یان کاتی پێویست چیە ؟ چ کاتێ سەرۆکی هەرێم بە پێویستی دەزانێ کە سوپای فیدراڵ لە دەرەوەی هەرێم بهێنێتە ناو هەرێمەوە، چونکە ئێمە ئەزانین لە کوردستاندا هێنانە ناوەوەی هێزی فیدراڵ کە سوپای عێراقە بۆ ناو هەرێمی کوردستان هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەیە لە ماف و دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان، بە پێی ئەزموونەکانی رابردووش ئەزانین کە هێنانی سوپای عێراق بۆ ناو هەرێمی کوردستان رووداوێکی دڵخۆشکەر یان ئەزمونێکی دڵخۆشکەرمان نیە لەو مەسەلەیەدا. بۆیە ناکرێ بەندێکی وا لەسەری نەوەستین و دیارینەکرێ سەرۆکی هەرێم چ کاتێ سوپای عێراق بهێنێ و چەند لێرە بێت و چۆنێتی هەڵسوڕانەکەی دیاری بکات. بۆیە ئەو بەندانە لاستیکین، یاخود کۆنکرێتی دیارینەکراون.

لە خاڵێکی تر کە خاڵی (13)هەمە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم: ئەوەیە (سەرۆکی هەرێم بە رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە هێزی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) یان هێزی ئاسایشی ناوخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێت) بە راستی هێزی ئاسایشی ناوخۆ و راهێنراوە کە کاری ئاسایشی ناوخۆ بێت و بەو مەبەستەش دانراوە و پەروەردە کراوە، یان ناردنە دەرەوەی هێزێکی ناوخۆ بۆ دەرەوە کە ئەو هێزە خاوەن ئەو تافق و تەنزیمە نیە کە بۆ دەرەوەی هەرێم بنێردرێ. یان هێزی ئاسایشی ناوخۆ (پۆلیس و مرور و پاسەوانانی سنورە) باشە ئەم هێزانە بۆ دەرەوە بۆ کوێیان ئەنێری و بۆچ مەبەستێك دەیانێنێری؟!

لە مادەی (103)شدا تێبینیەك هەیە کە تایبەتە بە سەرۆکی هەرێم، کە دەڵێ (ویلایەتی سەرۆکی هەرێم چوارساڵە و دەکرێ بۆ ویلایەتی دووەم هەڵبژێردرێتەوە)، خۆی لە بنەڕەتدا دەبوایە بنوسرایە ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم چوار ساڵە، چونکە ویلایەت نابێ خۆ ئێمە (والی) مان نیە، سەرۆکی هەرێممان هەیە و سەرۆکایەتیمان هەیە، وە دواتر سەرۆکایەتی چوار ساڵ بە راستی زۆرە چونکە ئێمە مێژوو کەلتورێکی دوور و درێژمان لە خۆسەپاندندا هەیە و پێویستمان بەوە هەیە کە هەڵبژاردنەکان و گۆڕانکارییەکان خێراتربن بۆ ئەوەی لەسەری رابێین، ئێمە میللەتێکی رانەهاتووین لەسەر هەڵبژاردن، هەر فترەیەکی زۆر بۆ سەرۆکی هەرێم جێگەخۆشکردنێکە بۆ خۆسەپاندن و درێژکردنەوەی دەسەڵاتەکەی خۆی.وە ئێمەش ئەزانین حاڵی سەرۆکەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆنە و هەموویان خەریکی دانانی کوڕەکانیان وە ك موبارەك و ئەسەد، بە راستی ئەمە کارێکی رێگە خۆشکەر ئەبێت بۆ دەسەڵاتێکی خۆسەپێن، وا باشتر بوو کە ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم دوو ساڵ بێت. یاخود سێ ساڵ نەك چوار ساڵ وە پێویست بوو بنوسرایە ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم چوار ساڵە بۆی هەیە تەنها بۆ جارێکی دیکە خۆی هەڵبژێرێتەوە. نەك دەکرێ بۆ ویلایەتی دووەم خۆی هەڵبژێرێتەوە.

**لڤین: لە مادەیەکدا کە صەلاحیەتی پەرلەمانە دەکرێ سەرۆکی هەرێم لابەرێت ئەگەر هاتوو ناپاکی گەورەی لێدەرکەوت ئەم خاڵەت پێ چۆنە؟**

د.یاسین: بەڕاستی پێویست بوو لانیکەم تەعریفێك هەبوایە بۆ خیانەت و ناپاکی، مەبەستمان چیە لە (خیانەتی گەورە) کە تێکستەکە نوسیویەتی خیانەتی گەورە، نازانم خیانەت هەر خیانەتە گەورە و بچوکیەکەی ئەبێت لە چیدا بێت ؟! بەڵام خیانەتی نیشتمانی و نەتەوەیی هەیە ئەو مەسەلەیە پێویست بوو تەحدید بکرێ کە خیانەت چی ئەگەیەنێ. ئایا هەڵسوڕانە بە دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی و هەڵسوڕانی قازانج پەرستانەیە لەگەڵ هێزێکی داگیرکەر و دوژمن، بەڕاستی ئەم مەسەلەیە بۆ

کورد پێویستە سەر لەنوێ تەعریفێکی ئەو خیانەتە بکەن ، چونکە لە مێژووی سیاسی کوردا خیانەت زۆر ئاڵۆزە، بە داخەوە تەفسیری جیاواز جیاوازی بۆ دەکەن و دیارنییە خیانەت چیە؟

**لڤین: بە گشتی لەم هەموو صەلاحیات و ئەرکانەی سەرۆکی هەرێم چی دەخوێنرێتەوە ؟ ئایا تا چەند دەستورێکی مۆدێرنە؟ یاخود چەندێک نزیکە لە دەستورەکانی تری رۆژهەڵات وەک میصر و ئێران و ... تا د ؟**

د.یاسین: بە راستی بۆ میللەتێکی وەکو کورد ئەم صەلاحیەتانە زیانمان پێدەگەیەنێت، بۆیە پێویستە ئەو صەلاحیەتانە چاوی پیا بخشێنرێتەوە و دواتریش ئەو بەندانەی کە ئاڵۆزن وتەمومژاوین بکرێنە وشەی کۆنکرێتی و دەقەکان بنوسرێنەوە. بۆ ئەوەی بوارێك نەمێنێ بۆ یاریکردن بە بەندەکان.

دیارە ئەم دەستورەی ئێمە صەلاحیەتەکانی زۆر زۆرن وەك لە پێشتردا و لە جێگەی دیکەدا ئاماژەم پێداوە جۆرێك لە فراوانی صەلاحیاتی زۆر تێدایە، کە لە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی ئێرانەوە نزیکە، دیارە کە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیه، ئەو دەسەڵاتەیە کە پیرۆزی دەدات بە خۆی و پێی وایە مەسەلە چارەنوسسازەکان پێویستە لەو کەسایەتیەوە بێتە دەرەوە کە کەسایەتیەکی پیرۆزە و هەموو زانیاریەکان و عەقڵی بەهەموو شتەکان دەشکێ ئێمە دەبینین لە سیستمی دیموکراسیدا هەوڵدەدرێت لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتێکی تەواو دیاریکراو دەدرێتە سەرۆك بەڵام لایەنەکانی دیکە فەرامۆشناکرێ رێگری دەکرێ بۆ رێگەخۆشکردن بۆ دەسەڵاتی رەها،ئێمە ئەزانین گەورەترین گرفت لەمێژووی ئێمەدا مەسەلەی دەسەڵاتی رەهای هەر سەرۆکێکە ئیتر هەر کەسێك بێت، ئیتر مرۆڤ بەسروشتی خۆی حەزی لە دەسەڵاتی رەهایە،چونکە ئینسان کە دەسەڵاتی سنوری بۆ دیاری نەکرا حەزئەکات هەمەکارەبێت ئیتر هەمەکارەش شای رەها بێت دیکتاتۆربێت، وەلیەکی فەقیه بێت، سەرۆکی هەرێمێك بێت، ئیتر ئەمانە تەنیا ناوەکانیان جیاوازە، سروشتی کارەکەیان هەمەکارەیە، بە راستی کەسەرۆکی دەزگایەك لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرێ، مافی پەرلەمان نەبێت بۆ لێپێچینەوە لەگەڵیدا، لە کاتێکدا کە سەرۆکێك کە تەواوی دەسەڵاتەکانی لەدەستدا بێت، دەیتوانی لەمەسەلەی جێبەجێکردن و یاسا دانان و زۆربەی مەسەلەکانی تردا رۆڵی مەزن و بەرفراوانی هەبێت، ئەمە رێگەخۆشکردنە بۆ کەسێکی هەمەکارە و بە هەرناوێکەوە بێت ویلایەتی فەقیه بێت یان هەر ناوێکی تر شتێکی زیانبەخش و ناڕاستە بەتایبەتی بۆ ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی کورد و ناوچەکە کە ئەیانەوێ بەردی بناغەی سیستمێکی دیموکراسی دابنێن.

**لڤین: چۆن دەڕواننە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستاندا؟**

حاکم شێخ لەتیف: من لەدوو روانگەوە سەیری دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دەکەم لەم دەستورەدا، یەکەمیان شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك، دووەمیان دەسەڵاتەکانی سەرۆك.

سەبارەت بەخاڵی یەکەم لەدەستورەکەدا هاتووە کە سەرۆکی هەرێم لەڕێگەی هەڵبژاردنی میللی‌یەوە دێتە سەرکار. ئەم شێوازە شێوازێکی سەرکەوتوو نییە و باشیش نییە، لە سیستمی پەرلەمانیدا سەرۆك لەڕێگەی هەڵبژاردنی میللی‌یەوە نایەتە سەرکار، سیستمی پەرلەمانی چەند جۆرێکە، یان ئەوەتا مەلەکییە، یان ئەوەتا لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت یان ئەوەتا لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت. مەلەکی باودۆخی خۆی هەیە و دەبێت ئەو میللەتە خۆی قبوڵی بکات. بەڵام دوو شێوازەکەی دیکە باسدەکەین.

لەهەموو ئەو وڵاتانەی کە سەرۆك بە هەڵبژاردنی میللی دێتە سەرکار جگە لە ئەمریکاو نەمسا نەبێت لەهەموو ئەو وڵاتانەی تردا سەرەنجامیان باش نەبووە، چونکە ئەم شێوازە هەستێك لای ئەو سەرۆکە دروستدەکات کە ئەو لەپەرلەمانیش باڵاترە، بۆنمونە ئەزموونی ئەمریکای لاتین کە ویستیان بەرەو دیموکراسی بڕۆن زۆربەیان ئەو شێوازەیان گرتەبەر لەهەڵبژاردن، ئەوەبوو هەموویان بەبێ هەڵاواردن بەرەو دیکتاتۆری چوون. تەنها لەئەمریکا ئەم شێوازە دیکتاتۆرییەتی دروستنەکرد، ئەوەش پەیوەندی بەپێشکەوتنی ئەمریکا و هۆشیارییە سیاسییەکەی خەڵکی ئەمریکاوە هەیە، لەبەرئەوە دەوڵەتانی دیموکراسی هەڵبژاردنی سەرۆکیان لەم رێگەیەوە بەباش نەزانیوە، لەم دواییانەدا لەساڵی 1962 فەرەنساش پەیڕەوی لەم شێوازەکرد، بەڵام لەوکاتەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێت فەرەنسا بەو وڵاتە دەناسرێت کە لەڕووی دیموکراتییەوە لەچاو وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپادا دیموکراسییەکی ناجێگیری هەیە و نمونەیی نییە.

شێوازی دووەم ئەگەر لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، بەپێچەوانەوە شەخصییەتی سەرۆك ناهێڵێت، واتە کاتێك پەرلەمان سەرۆك دادەنێت وادەکات سەربەخۆیی دامەزراوەی سەرۆکایەتی نامێنێت، وەکو دەستوری ئێستای عێراق کە سەرۆك کۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت. بۆیە باشترین شێواز، شێوازی سێیەمە کە شێوازی ئەڵمانییە، ئەویش ئەوەیە کە نە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت نە لەلایەن پەرلەمانەوە بەڵکو لەیەککاتدا لەلایەن پەرلەمانەوە دەستەیەکی هەڵبژێردراو لەلایەن پارێزگاکانەوە کە یەکسانن بەژمارەی ئەندامانی پەرلەمان دیاریدەکرێت. دوای هەڵبژاردنی سەرۆك ئەو دەستەیەی لە پارێزگاکانەوە هەڵبژێردراون هەڵدەوەشێت و نامێنێ چونکە کاریان تەنها هەڵبژاردنی سەرۆکە، بەڵام پەرلەمان دەمێنێتەوە بۆیە دواتر پەرلەمان ناتوانێت سەرۆك لابەرێت، چونکە بەتەنها خۆی داینەناوە بەڵکو دەستەیەکی تر بەشداربووە لەهەڵبژاردنیدا، هەروەها دیکتاتۆرییەتیش دروستنابێت چونکە لە هەڵبژاردنی میللییەوە نەهاتووە. ئەوەی تێبینیم کرد لەم دەستورەدا سەرۆك بەهەڵبژاردنی میللی دێتە سەرکار، کە ئەمە بەڕاستی سەرەتایەکی خراپە، بەتایبەتی لەکوردستاندا کە هۆشیارییەکی دیموکراسی نییە، بارودۆخێك دروستدەکات بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت دەست بەسەر دەسەڵاتدابگرن، لەوانەیە ئەو شەرعیەتە میللییە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی حوکمی فەردی ڕابگەیەنێت.

سەبارەت بەدەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لەم دەستورەدا زۆر زۆرە، لە سیستمی پەرلەمانیدا سەرۆك دەسەڵات نییە، بەپێچەوانەی سیستمی سەرۆکایەتییەوە، دەسەڵاتەکانی رەمزین و پۆستێکی شەرەفییە، سەرۆك دادوەرێکە لەنێوان دەسەڵاتەکاندا، دەبێت لە حیزبەکەی باڵاتربێت و ئیستیقالەشی لێبکات، وە مومارەسەی هیچ دەسەڵاتێك ناکات، سەرۆك تەنها هاندەدات و دەسەڵاتی فیعلی نییە، بۆئەوەی نەبێت بەتەرەف، چونکە کە بوو بەتەرەف لەلایەکەوە زیان لەدامەزراوەی سەرۆکایەتی دەدات لەلایەکی تریشەوە لەهەیبەتی خۆی کەمدەکاتەوە، بۆیە ئەو وەکو حەکەم دەسەڵاتی نییە، هەموو دەسەڵاتەکان لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پیادەدەکرێت،



**حاكم شێخ لەتیف**

**لەم دەستورەدا سەرۆك بە هەڵبژاردنی میللی دێتە سەركار، لە هەموو ئەو وڵاتانەی سەرۆك بەم شێوازە هەڵبژێردراوە بە دیكتاتۆریەت كۆتایی پێهاتوە**

چونكە سەرۆك لەسیستمی پەرلەمانیدا لێپرسراونییە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران موحاسەبە دەكرێت لەبەردەم پەرلەماندا. بۆیە ئەگەر سەرۆك دەسەڵاتی هەبێت و كەسیش نەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكات، ئەوا دەسەڵاتەكانی خراپ بەكاردەهێنێت. ئێستا لە دەستوردا سەرۆك بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێكردنە و دەسەڵاتی فیعلیشی هەیە، یەكەمیان حەقی پێشنیاری یاساكانی هەیە، حەقی تەصدیقی یاسا دەشێت هەبێت، بەڵام لە سیستمی پەرلەمانیدا حەقی پێشنیاری یاسا بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانە.

هەروەها لەم دەستورەدا سەرۆك دەسەڵاتی راگەیاندنی باری نائاسایی (حالة طوارىء)ی هەیە كە ئەوە زۆر خراپە، حەق وایە ئەوە مافی موتڵەقی ئەنجومەنی وەزیران بێت بەرەزامەندی پەرلەمان، هەروەها لە دەستورەكەدا سەرۆك دەسەڵاتی دەركردنی (مەرسوم)ی هەیە كە هێزی یاسایی هەبێت كە ئەمەش دووبارە خەلەلە. بەڵام سروشتییە سەرۆك دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەبێت، بەمەرجێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیاری بۆ بكرێت نەك خۆی سەربەخۆ بڕیاربدات. ئەبێت ئەنجومەنی وەزیران بەسەرۆك بڵێت لەگەڵ پەرلەماندا كێشەم هەیە و هەڵیبوەشێنەوە، نەك خۆی سەربەخۆ بڕیاربدات.

كێشەی ئەم دەستورە ئەوەیە كە سەرۆك دەسەڵاتەكانی راستەوخۆ مومارەسە دەكات، بۆیە لێرەدا بانگەواز بۆ سەرۆكی هەرێم و بۆ پەرلەمانیش دەكەم، پەیوەندیشی بەوەوە نییە (كاك مەسعود) سەرۆكی هەرێمە یان كەسێكی ترە، بۆ رێگەگرتنە لەوەی ئەوەی كەسێك ئەو دەسەڵاتە خراپ بەكارنەهێنێت، بۆ ئەوەشە كە بتوانین دەوڵەتێكی درێژخایەن دروستبكەین، بۆ ئەوەی لەپێناوی چەند دەسەڵاتێكی كاتی ئەزموونەكە نەكەوێتە مەترسییەوە، من داوا لەو بەڕێزانە دەكەم كە بەسەنگێكی فراوان چاو بەو دەستورەدا بخشێننەوە، چونكە ئەمە شتێكە بۆ چەندین نەوەی داهاتووە، ئەگەر لەئێستادا بەخراپی هێنامان لەداهاتووشدا ئەم ئەزموونە هەر بەسەقەتی دروستدەبێت و ئەزموونی وڵاتە دیكتاتۆرەكانی رۆژهەڵات دووبارەدەكەینەوە. بۆیە جارێكی تر داوادەكەم دووربینانە چاو بەشێوازی دانانی سەرۆك و دەسەڵاتەكانیدا بخشێننەوە، بۆ ئەوەی دەستوری هەرێم نمونەیەكی دیموكراسی جوان بێت، نەك نمونەی ئەزموونە دیكتاتۆرەكان دووبارە بكاتەوە، من داوا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ئێستا لە دەسەڵاتدان نمونەی ئەو خەڵكە نەمرانە بدەن بەدەستەوە كە توانییان لە ماوەی سەركردایەتی خۆیاندا هەتاهەتایە ناویان لەدڵو مێشكی گەلەكانیاندا ماوەتەوە وە توانیویشیانە دەوڵەتێكی وا دروستبكەن كە ببنە پێشەنگی دەوڵەتانی دنیا وەك جۆرج واشنتۆن و هاملتن و نیلسۆن ماندێلا كە 27 ساڵ لە زینداندا بوو، ماندێلا نەهات ئەو هەموو خەبات و قوربانییەی خۆی بفرۆشێت بەگەلەكەی، ئەو لەوە باڵاتربوو و دوای چوارساڵ سەرۆكایەتی وازی لەسەرۆكایەتی هێنا، هەروەها بناغەیەكی دانا بۆ ئەو وڵاتە كە ئێستا چۆتە سەر سكەی خۆی و یەكێكە لە وڵاتە دیموكراسییەكانی جیهان، بۆخۆشی لە كەسێكی ناوچەییەوە بو بە كەسێكی نێودەوڵەتی، من داوا دەكەم ئەوان بەوشێوەیە بن، نەك ببنە كاسترۆ و جمال عبدالناصر و هۆشی منە، كە رۆژێك لەڕیزی پیاوەگەورەكاندا سەیریاندەكرا، بەڵام لەبەر كورتبینییان و لەبەرئەوەی لەفەترەیەكی دیاریكراودا لەدەسەڵات بمێننەوە بەوپەڕی رەهاییەوە دەسەڵاتی خۆیان بەكارهێنا، دەبینین كاتێك كە مردن خەڵكی نەك پێیان ناخۆش نەبوو بەڵكو بەچەپڵە و بەشایی خواحافیزییان لێكردن. لەدوای مردنیشیان نەك ناویان لەبیرچوویەوە بەڵكو دەوڵەتەكانیشیان رووخان و پووكانەوە. من حەزدەكەم ئەو ئەزموونەیان لەبەرچاوبێت، لەپێناو دەسەڵاتێكی كاتیدا و ناو و مێژوو ئەزمونەكەش لەناو نەبەن.

ئێمە دەڵێین مادەم لەدەستورەكەدا هاتووە سیستمی دەسەڵات لەهەرێدا پەرلەمانییە، سیستمی پەرلەمانی تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئێمە دەمانەوێت ناو و ناوەڕۆك لەم دەستورەدا چونیەك بن، بەڵام لە ئێستادا چونیەكی لەنێوان ناو و ناوەڕۆكی ئەم دەستورەدا نییە، چونكە دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێم زیاترە لەپێویست، كە بەڕاستی ئەمە پێویستە چاوی پێدابخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتێكی دیموكراسی تەمەن درێژ دروستبكەین، كە هاوڵاتی خۆی بە خاوەن ماف بزانێت.

سەبارەت بەجیاوازی نێوان دەستوری هەرێم و دەستوری عێراق هەردووكیان پەرلەمانین، بەڵام دەستوری بەغدا دەسەڵاتی زیاتری داوە بەپەرلەمان و دەسەڵاتی بۆ سەرۆك كۆمار نەهێشتۆتەوە، تاڕادەیەك دەسەڵاتیشی بۆ ئەنجومەنی وەزیران كەم هێشتۆتەوە، بەڵام لەدەستوری هەرێمدا سەرۆك دەسەڵاتی زۆرە، ئێمە دەڵێین دەسەڵاتی سەرۆك نابێت وەكو ئەوەی بەغدا بێت وە نابێت وەكو ئەوەی كوردستانیش بێت، چونكە ئەوەی بەغدا دیكتاتۆریەتی زۆرینە دروستدەكات و ئەوەی كوردستانیش لەوانەیە دیكتاتۆرییەتی تاكەكەس دروستبكات، بەڵام خۆی لەسیستمی پەرلەمانیدا سەرۆك بەمشێوەیە دەسەڵاتی نییە، دەسەڵاتەكان لەنێوان پەرلەمان و حكومەتدا دابەشدەبن، بەڵام لەبەرامبەردا هەم پەرلەمان دەتوانێت حكومەت بڕوخێنێت و هەم حكومەتیش دەتوانێت پەرلەمان ملكەچ بكات، بەڵام لە دەستوری هەرێمدا ئەم باڵانسە نییە.